ئەحمەدعەلی
2005/5/7
Ahmadali525@hotmail.com

## دەسگیر کردنی(ڕێبوار عارف)لە لایەن ئاسایشەوە
## پوچی ئیدعاکانی یەکێتیە لە سەر ئازادی

بەپێی بەیاننامەیەکی رێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دوێنێ05/5/4
ڕێبوار عارف سکرتێری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەران وبەرپرسی کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حوسێن و سەرانی بەعس، بەتاوانی بەشداری کردن و پشتیوانی بەوتەیەک لەخۆپیشاندانی خوێندکاراندا لەبەردەم ئەنجومە نی وەزیران لە سلێمانی لە لایەن دەزگای ئاسایشی یەکێتی نیشتیمانیەوە دەسگیر ئەکرێو دەبرێتە ئاسایش لەوێ کەسێکی بەرپرس ڕێبوار دەبینێ پێی ناخۆش دەبێت و دەڵی بڕۆ لە سەر مەسولیەتی من ئازاد بە،دوای ئاسایش ئەم بەرپرسەی خۆیان دە سگیر ئەکات وپێی دەڵێن تا ڕێبوار دێتەوە تۆ زیندانی،بۆ شەوەکەشی برایەکی ڕێبوار بە ناوی دیار دەسگیر ئەکەن،بەڵام ڕێبوارئەمڕۆ5/5خۆی دەڕواتە ئاسایش، بەڵام ئەوان ڕێبوارعارف حیجز ئەکەن،

دیارە ئەمە یەکەمین هێرشی یەکێتی نیە بۆ سەر کەسانی ئازادیخواز و دوایشی نابێ،مێژوی ئەم حیزبە سەراپا سەرکوت و لە خوێن هەڵکێشانی جەستەی ئینسانی ناڕازی و خنکاندنی دەنگی حەقخوازو یەکسانی خوازی کۆمەڵگای کوردستانە،لە هەر هەلو مەرجو جێگەیەکدا ئەم حزبە دەسەڵاتی هەبوو بێ جێ دەستی خوێناوی دیارە،تاوانەکانی یەکێتی مەگەر تەنها لە زاکیرەی مێژودا جێی بێتەوە ئەگینا وا بە ئاسانی ناژمێردرێ،بەڵام گومانم لەوەدا نیە هیچ حزب و لایەنێکی پەنا دەستی یەکێتی لەم سەرکوتەی یەکێتی بێبەش نەبوەو نیە، باڵا دەستی ئەم حزبە هۆکارێکی بنەڕەتی کێشەو موحتاجی وناتەواویەکانی سەرجەم خەڵکی کوردستانە و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای داگرتوە ئەم چەن ساڵەی دەسەڵاتی ئەو حزبە شایەتی قەتڵ و عام و ڕەشبگیری و قەدەغە کردنی هەموو دەنگێکی ناڕازیە بە تایبەت حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق،

یەکێتی بە کردەوە ئیدعاکانی خۆی بە درۆ ئەخاتەوە ،هیچ جۆرە ئازادیەک لە ژێر دەسەڵاتیدا مانایەکی نیە،هیچ جۆرە دژە بۆچونێک قەبوڵ ناکاو لە وڵامی بەهیچ داخوازیەکی حەقخوازانە نەداوەتەوە،ئەو پرو پاگەندانەی سەبارەت بە ئازادی دەیکەن چەواشە کارانەیەو ناوەڕکی یەکێتی تەواو پێچەوانەیە لە گەڵی،

هەڵوێستی رێبوار عارف نمونەی هەڵوێستی دەیان هەزار کەسی ئینسان دۆست و بەرگریکەرە لە ماف و داخوازیەکانی خوێندکاران ،بەڵام زیندانەکانی یەکێتی و یاساکەی یەکێتی شوێن و مایەی سەرکوتی هەموو بزوتنەوە حەقخوازەکان و هەڵسوراوانیانە،

خەڵکی ئازادیخواز و ئینساندۆست ...
با لە بەرامبەر سەرکوتی ئازادی بیرورا،ئازادی هەڵسورانی سیاسی ...هتد،بێ دەنگ نەبین،ئەرکمانە ئەم هێرشەی یەکێتی و سەرجەم پێشێلکاریەکانی ئەم کۆمەڵە دژە ئازادیە ریسوا بکەین،ئەرکمانەوڵامی کۆمەڵگایەک ، بە هەموو خواست وئارەزوەکانیەوە بدەینەوە،ئەرکمانە بڵێین دەس لە یەخەی ئازادی بکەنەوە،بڵێین زیندانەکانتان برِوخێنن،بڵێین نا بۆ دەسەڵاتی سەکوتگەرانەتان بەڵێ بۆ ئازادی بە هەموو ماناکانیەوە،

من سەرەرای ئەوەی کە دەسگیر کردنی ڕێبوار عارف وهەر ئینسانێکی ئازادیخواز ریسوا ئەکەم،بە ئەرکی یەکێتیش ئەزانم دەس لەم پێشێلکاریانەی هەڵگرێ.